پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە پێش دەرگای ژوورەکەی دەنگی گفتوگۆ وناکۆکی بیست

لە ئوم سەلەمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە پێش دەرگای ژوورەکەی دەنگی گفتوگۆ وناکۆکی بیست، بۆیە دەرچوو وفەرمووی: «من تەنها مرۆڤێکم، ئەوانەی ناکۆکن دێن بۆ لای من، لەوەیە هەندێکتان لە ئەوانی تر ڕەوانبێژتر وقسەزانتر بن؛ بۆیە من پێم وایە کە ڕاستەکات ولەبەرئەوە بڕیاری بۆ دەدەم لەسەر ئەوەی کە ڕاست دەکات، وهەرکەسێک بڕیاری بۆ درا سەبارەت مافی مسوڵمانێک کە شایستەی نییە؛ ئەوا پارچەیەک لە دۆزەخی پێدراوە، یان لە ئەستۆی دەگرێت یان لە خۆی دەدەغەی دەکات (مافی براکەی ناخوات)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەنگی گفتوگۆ وناکۆکی بیست لە پێش دەرگای ماڵەکەیدا، بۆیە دەرچوو بۆ لایان بۆ ئەوەی حوکم وبڕیاریان بۆ بدات، وفەرمووی: من تەنها مرۆڤێکم وەکو ئێوە، غەیب وشاراوەکان نازانم، وناتوانم هەواڵ بدەم سەبارەت بە نهێنی بابەتەکان بۆ ئەوەی ڕاستگۆ ودرۆزن بناسم، بەڵکو ئەوانەی ناکۆکیان هەیە دێن بۆ لام بۆ ئەوەی حوکم وبڕیاریان بۆ بدەم، وبڕیارەکەی من پەیوەستە بەوەی کە دەیبیستم لە بەڵگەکان وسوێندخواردنەکانی هەردوو لای ناکۆک، لەوەیە هەندێکتان ڕەواونبێژتر وقسەزانتر بێت لە ئەوانی تر؛ بۆیە منیش پێم وایە کە ڕاست دەکات ولەسەر هەقە، بۆیە حوکم وبڕیاری بۆ دەدەم، ئەگەرچیش هەق -لە ڕاستیدا- لەگەڵ ئەوی تریان بێت، بۆیە بزانن کە حوکم وبڕیاری من لەسەر ڕووی ئاشکرای بابەتەکانە نەک ڕووی نهێنی، وئەم حوکمەی من حەرام حەڵاڵ ناکات؛ وبۆیە ئەگەرحوکمم بۆ هەرکەسێک دا کە لە بەرژەوەندی ئەو بوو ومافێکی یەکێکی تربوو وخۆیشی بزانێت کە ئەمە ناهەقییە وخواردنی مافی بەرامبەرە؛ ئەوا من لێرەدا پارچەیەک لە ئاگری دۆزەخم پێی داوە، بۆیە با هەڵیبگرێت لە ئەستۆی خۆی، یان وازی لێبهێنێت، وسەرەنجامی لێپرسینەوە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، وخوای گەورە سزای ستەمکاران دەدات ئەگەرچیش سزاکە هەندێک جار دوابکەوێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2959